(1)

## ئاستەکانی بەکێشەکردن لەرۆمانی:
## "ئاوێنەی بورکانی ژەنەراڵ" دا

نوسینی: ڕێباز محمد جەزا حسن / سلێمانی 2011

خوێندنەوەیەکە بۆ ڕۆمانی "ئاوێنەی بورکانی ژەنەراڵ" لە نوسینی" سەلاح جەلال" و بەرهەمی ساڵی 2011 یەتی و لە سەر ئەرکی خۆی چاپ و بڵاوی کردۆتەوە،لە (چاپخانەی کارۆ)



سەلاح جەلال

بە کێشە کردنی ڕۆمان وەك کەلتورێك نەبۆتە بەشێکی زیندو دانەبراو لە ژیانی ڕۆشنبیری ئێمە و زۆر بە کەمی و تا ڕادەی نەبون هیچی لەسەر نەوتراوە و نەکراوە، بۆیە بە گرانم زانی ئەم ڕۆمانە وەك بەرهەمێکی ئەدەبی و شاکارێك لەم ڕووەوە بخوێنمەوە و خوێندنەوەی ڕۆمان بەرمەوە بۆ ڕەچەڵەك و دروستکردنی لەو بارەیەوە، چونکە دەبێت مرۆڤ دەرك بەوە بکات، ئەو شعورە لەلای خۆی دروست بکات، کە کێشەیەکە و قەیران بەدوای خۆیدا دەهێنێت!!ئەگەر بەم شێوەیە بمێنێتەوە.هەڵبەتە ئەمەش کاتێك دێتە بەرچاو کەلە مانا سایکۆلۆژییەتییەکەی دوور بخەینەوە و دایماڵین لێی، بە مانایەکی تر مەبەست لە کێشە گەرانەوەیە، بۆ پرسە بنەرەتی و سەرەکییەکان بەگشتی و دەقی ئەدەبی بەتایبەتی، کە لیرەدا مەبستمان لەپرسە سەرەکییکانی ڕۆمانە وەك و ئەدەب و دەست پیکردنی چرو پری گفتوگۆکان لەسەر دڵی بابەتەکان کە خودی ، کێشە"یە واتە کاتێك کە ئێمە دەزانین "کێشە" مانایەکی جیاواز لە مانا باوە سایکۆلۆژییەکان لەخۆ دەگرێت ، خۆ بەخۆ لە"ئاژاوە"جیا دەبێتەوە و پرسیاری ڕەسەن و دروست لە دایك دەبن .

ئێمە لیرەدا بەهیچ جۆریك بەنیاز نین لەروی زمانەوانییەوە هیچ بڵێین بەتەنها ئەوەندە نەبێت ، مەبەستی خۆمان روون دەکەینەوە بەوەی کە کێشەی ڕۆمان وا دەخەینە روو وەکو ئەوەی لەم ڕووە لەم کاتەدا پایەیەکی گرنگی ئەدەبە و نهێنی خویندنەوە و ڕاڤەو ڕەخنە و لیکدانەوەی لەخۆ گرتووە ، بێ لەوەی ڕۆمان لەم ڕۆدا لەقەیراناویترین دۆخیدایە ،بەدەر لە قەیرانی نووسین خۆیشی.

کەواتە کە باس لە کێشەی ڕۆمان دەکەین مەبەستمان ، لەو باس و خواسانەیە کەپەیوەستە بە ژینالۆژیایی ڕۆمان وەکو ئەدەب و بەستنەوەی بەتێڕامان و تێفکرینی وجودی و فەلسەفی و بون و نەبونەوە و لەئاستیکی تریشیدا خراپ بون و کەوتنە قەیرانی ئەدەبییەوە و لێرەدا کیشەکە گەورە دەبیت بۆ مانا گەورەکەو باسەکە هەستیار دەکات, واتا کیشەی بون و نەبونی ڕۆمان وەکو ژانرێکی ئەدەبی دروست دەبیت, بە دیویکی تردا

نـەبینیی وەکو کـێشـە و بایـەخ پـێـدان و پشت گوێ خستنی دەبیتـە بـەشـێکـی تـری گرفتەکە و بەهەردووکیشیان بـەدوای خۆیاندا قـەیران دەهـێنن, نـەك ئـەو تـێگـەیشتنە سواوەی کە مەسەلەی فرۆشتن و ئەزبەر کردنی لـەلایـەن کۆمـەلـێك خـەڵکـی نـەشارەزاوە بکـەنـە پـێوەر بـۆ "کـیشـە"و بگـرە"کـیشـە"مانـای فراوانتـر و قـوڵتر و گـەورەتـری هـەیـە و لەبنچینەشدا بۆ مشت و مری فەلسەفی گونجاو ترە وەك مانا بازاری و باوەکەی.......

بۆیەلیرەوە دەبیت بگەرینەوە بۆ رۆڵە سەرەکییەکەی رۆمان، لە رووی بنیات و لـە جیهانی مۆدیرندا و خویندنـەوەی وەکـو"دۆکترینیکـی-عقیدە"یـەکـی شـایان بـەخوڵقاندنـدنی فـۆرم و شیوازی جۆراوجۆر. یان بە مانایەکی تر بەخویندنەوەی کیشەکـان دەتـوانین لـێکدانـەوەی درووسـت بـۆ رۆمـان بکـەیـن، واتـە کـاتـێك رۆمـان دەبـێـتـە کـێشـە و ئـاوس دەبـێـت بـە یـەکـەکـانی فـەلـسەفـە و تـەکنیك و مـێژو...هتـد. ئـەوە مانـا راسـتەقینـەکـانی رۆمـان دەردەکەون و خوێندنەوەیش دەبێتە دیار خەری ئەو لایەن و نهێنیـە شاراوانەی دەق و گـەیشتنە هـەنـاوی داهـێـنـان- لێرەوە پرسـەکـە بـەرە و شوێن و بابـەتـی دەروات، بۆیـە لێرەوە دەچینە ناو کرۆکی باسەکەوە.

خستنە روی ئاستەکانی کێشە لە رۆمانی "ئاوێنەی بورکانی ژەنەراڵ" رۆمـانی ئـاوێنـەی بورکانی ژەنەراڵ"وەکو (کێشە و ئاوس بە کێشە):-

یەکێك لە دروشمەکانی (جۆرج باتای) ئەوە بو کە دەیگوت:"پەسند (کردنی ژیان تا سـەرە مـەرگ . 1).

ئەگەر لەم رستەیەوە بچینە رۆمانـەکـەوە، ئـەوە دەبینین هـەڵبژاردنی بابـەتـەکە خۆی کێشەیە لەسەر ئاستی(نەتەوەیی و تاکە کەسی)

لـە ئاستە نـەتـەوەییـەکـەیدا، کـێشـەی خـەبـاتـی نـەتـەوەیـەك بـە دیـار دەخـرێت، کـە بەدرێژای سەدەیەك و هەتا ئێستایشی لەگەڵدا بێت، کێشەی پەسـەنـدنی کردنـی ژیان خۆیەتی،لەم ئاستەیدا رۆمان دەبێتە (خەم ) خـەمـێکـی وجودی و قـورس و خـاڵـی لـە مانـا سایکۆلۆژیەکەی، وەکو ئەدەب هەڵگری پەسەند کردنی خەمەکانی بوون خۆیـەتـی ، کـە لـە ئێستادا چەندان بابـەتـی گرنـگ و نیشتمانی هـەن فـەرامـۆش کـراون و پـەراوێز کـەوتـون، هـەروەکو چۆن (باتای) وتویەتی :

( ئەدەبیات یا هەموو شتێکە یا هیچ. 2).

ئـەدەب کـە دەمانخاتـە سـەر کـەڵکـەڵـەی (بـوون) وەکـو بابـەتـێکـی گرنـگ و پـڕ لـە بەرپرسیارێتی، لەم کاتەدا ئەم رۆمانە دەبێتە نمونەیەکی بەرجەستەی پڕ لـە کـێشـە و لە لایەکی تریشەوە رۆمانی ئـاوێنـەی بورکـانی ژەنـەراڵ کـە کـەرەسـتەکـانی وەرگیـراوی مێژویەکی دیاری کراوی ژیانی سیاسی کوردە، بەرەو رووی ژیانی کـەسـایـەتیـەکـی پڕ لـە بایەخ لە رووی کاریگەریە سیاسی و کۆمەلایەتی و ئابوری و نەتـەوەیـی ....هتـد. یـەکـانی نەتەوەو (خەم) ی نوسەر لێرەدا دوبارە زیندوو کردنەوە و بەرز ڕاگرتنی ئەو کەسایـەتیـە مێژوییانـەیە لە بەرگێکی تێکەڵ بە ئەفسانەو داستان و هونەریانەو ئەدەبیانە .

لە حیکایەتێکدا (خۆرخی لویتس بۆرخنیس) نوسیویەتی:

( نوسەرێك سزای مەرگی بەسەردا دەسەپێنرێت ،ئەو داوای یەك ساڵ مۆڵەت لە خوا دەکات تاکو بتوانێت کتێبەکەی تەواو بکات. 3) ،

ئەمەش دۆخـی هـەمـوو نوسـەر و دانـەر و کـەسـە بـەرپرسانـەیە کە دەیانـەوێت لـە رێی ئەدەبەوە خۆیان بکەنە ئاوێنە بۆ تەقینەوەی بورکانی (کەسان) و (بابـەتـە) نـەتـەوەیـی و

نیشتیمانیەکان ، کە لیَرەدا (نوسەر)دەبیَتە بەشیَکی مەزنی کیَشەکەو بوونی (نوسەر)خۆشی ئاویَزان دەبیَت بە ( دۆگم _تقلید )ەکانی یاخی بوون کە دژی لاسایگەریَتی و خۆ دووبارە کردنەوەیە لە پیَناو گەیاندنی حەقیقەت ،ئەلَبەتە حەقیقەتی ئەدەبی بە جۆریَك دەوتریَت کە (کیَشە ) دار بیَت ، چونکە نوسینی بیَ کیَشە واتە مەرگی نوسین و بلاَو کردنەوەی ئاژاوە .
( کیَشە) لەم رۆمانەدا وەکو (بابەت) جیاوازە لە (ئایدیا)کانی نوسەر وەکو (کیَشە)،بەلاَم لە هەمان کاتیشدا یەکانگیرو هاو مانا لەرووی فەلسەفیەوە، (گادامیر) وتەنی ،(ئاسۆی رابردوو بە شیَوەیەك بوو تیَپەری ،کە بوو تیَپەری و ئیدی ناگەریَتەوە. 4).
بەلاَم لە رووبەکی ترەوە زیندوویی و بەها داری خۆی دەگەیەنیَت وەکو(بۆلَ دیَیان) هیَمای بۆ بنەمای (....) هزری (نیچە) کردووەو گوتویەتی (کە پیَکناکۆکی نیَوان کاملَ بوونی میَژوویی و ئافراندنی هونەری هەر لە بنەرەتدا رادیاردەیەکی پەیوەست بە (مۆدیَرنیزم ) مۆدیَرنیزم بە شیَوەیەکی تایبەتی بە رابردوو میَژووە بەستراوەتەوە ..5)
هەروەکو چۆن چەندان نمونەی زیندوو هەن لە رۆمانەکەدا کە باشترین بەلَگەن لەسەر ئەو گوتانەی سەرەوە، بۆ نمونە دەربارەی کیَشەی (بوون ) لەم رۆمانەدا نوسەر لە ل 7 دا دەلَیَت :
(گومان لە هەموو شتیَکەوە دەردەکەوت، وەك چۆن تارای نهیَنیەکی نادیار دایپۆشی بیَت ,,,).
یان لە هەمان لاپەرەدا دەلَیَت :
(زمانیَك لە بیَزمانیەوە تۆری ئاماژەی ئاسۆییان لە فەزای روانینا بەرجەستە کرد ... ل 7)
نهیَنی ئەم سروشتە تایبەتە لیَرەدایە کە مۆدیَرنیزم پاساوی خۆی لە دابرانی میَژوییەوە بەدەست دیَنیَت (...) کاتیكَ لە دابران تیَدەفکریَت نازانیتَ لە راڤەی خۆی چۆن میَژووی خۆی دەرباز بکات ، بە رای (دیَیان) (لەبەر ئەوەیە ئەدەبیات بەردەوام لە بنیاتی خۆیدا مۆدیَرنە. 6)
ئا لیَرەوە تیَدەگەین ئەم رۆمانە بە مانای (کیَشە )سەر بەساتی دروست بونی رۆمان خۆیەتی و زادەی ئەو ساتەیە کە بەرەو رووی ئاراستەی گونجاوی خۆی دەروات ، ئەوەتا ,ئیَدمۆند هۆستیرلَ, ی فەیلەسوف ی سەدەی بیستەم گوتویەتی :
(بەرەو خودی شتەکان. 7)
کە من لیَرەدا مەبەستمە ئەم بیَژەیە ببەستمەوە بە مەسەلەی (کیَشە ) لەم رۆمانەدا ,کە نوسەری ,, رۆمانی ئاویَنەی بورکانی ژەنەرالَ ,, ؛کاك یَلاَح ؛ زۆر جوان کیَشەکان دەباتەوە سەر خودی شتەکان ئەگەر کەمیَك رونتر بدویَم (کیَشە )دەباتەوە بۆ خودی ئەدەب و رەسەنایەتی رۆمان ....چونکە هۆسیرلَ وای بۆ دەچیَت کە هەموو هوشیاریەك هوشیاریە بە شتیَك. 8).
هوشیاری لیَرەدا و لەم رۆمانەدا گەرانەوەیە بۆ دۆزینەوەی دۆگمەکانی نوسینی رۆمان و بە (دۆکترین ـ حقیقەت ) کردنیان و بردن و فراندن یان بۆ ناو یەکەیەکی گەورەتر کە خەمی (نیشتمان و نەتەوە)یە .
(لائودزۆ) لە ؛دائود جینگ ؛ دا دەلَیَ :
(واز لە فیَربوون بیَنە پەژارە بەسەر دەچیَت . 9) .

ئەمەیە ئەو هوشیارییەی کە (کیَشە) دروست کەریەتی و بە تەنها کیَشەش دەتوانیَ ئەو ناسنامەیە ببەخشیَ و نوسەر بە فیَربوون و فیَرکردن لە رابردووەوە , ئەو خەمە پەخش دەکاتەوە کە خەریکە لە یادەوەریاندا کالْ دەبیَتەوە یان خەریکە روو لە نەمان دەکات .واتە لە ساتی خویَندنەوەو تیَفکرینەکانی نوسەرەوە بەرەو زیاد کردنی پەژارە دەچین .
چونکە لە یەك کاتدا (نوسەر ) فیَربوەو (فیَریش )دەکات کەسیَك کە فیَربوونی تەلاَق دابیَ چ باکی بە پەژارە هەیە یان چی لە خەم بکات بە مانایەکی تر بە خویَندنەوەی ئەم رۆمانە (فیَربوون ) زیاد دەبیَت و پەژارەو خەمەکانیش گەورە دەبن و زیاد دەکەن و بە پیَچەوانەشەوە راستە .
پەژارەو خەمی نوسەر .کەسی نیەو چ پەیوەندیەکی سایکۆلۆژی ساتی پیَکەوەیان نابەستیَتەوە . بە هیَندەی فیَربون و خویَندنەوەی ئەو میَژووەیە . کە تاکو ئیَستا کەمترینی خەلْکی دوو دلْ و قەلەق کردووە لە بواری دروست کاری و رۆماندا , وە کەمترین گومان و داهیَنان لەو بوارەدا گرتونیەتیەوە بۆ دۆزینەوەی حەقیقەتی ئەدەبی میللەتیَك کە خۆی فیدا دەکات و قوربانی دەدات و خویَن دەریَژیَت و پرسیار ناکات !!
(کیَشە) ی نوسینی ئەم رۆمانە ,خودی نیەو ناچیَتەوە سەر پەژارە دنیایی و ماددی و خیَرا راگوزەرەکان بە قەدەر ئەوەی دەست بردنە بۆ پرسە سەرەکی و نهیَنی و فەلسەفی و وجودیەکان (کە لە نوسینەکانی داهاتوودا زیاتر لەو بارەیەوە دەدویَم ) ئەمەش وا دەکات لای خویَنەر جیَگیر بیَت بە گواستنەوە لە خویَندنەوەی بەشەوە بۆ خویَندنەوەی هەمووی (کلی ) بە یەك پیَگرتنی پارچەیەکی دەقی (نێیی) بە شیکردنەوەی بنیاتی دەقی گشتگیرەکی (10)
رۆمان بە سیما ,,شیَوە - شکلْ ,, یەکانی دیاری ناکریَت بە هیَندەی ئەوەی بە مەدلولەکانی دیاری دەکریَت کە پەیوەست بە بیری خەیالْکەرەکەوە (11) ئەوەتا نوسەر چەندان نمونە و بەلْگەی بە هیَزی بەیان کردووە لەم بارەوە کە پەیوەستن بە ئاخاوتنەکانی پیَشومەوە لە بارەی کیَشەوە دەتوانریَت مەدلولەکانی بە باشی بخویَنریَتەوە و ئیَمە لیَرەدا تەنها چەند نمونەیەکمان هەلْبژاردووە کە بیَگومان دەقی نوسەر پڕ پڕە لەم نمونانە لە بەشی (1) لە لاپەرە حەوت دا :
- ( دەنگی سروشت ئاویَتەی نوزەی گریانیَکی خەفە بوو )
هەروەها لە هەمان بەش و لە لاپەرە (10 ) دا :
-(ئەو ویَنانەی لای ببون بە ئەلبومی بیرەوەری خویَناوی - سرودی ( ئەی رەقیب )یان لە میَشکدا دەکرد بە ئاهەنگ)
لە بەشی دوودا و لە لاپەرەکانی (27 , 29 ,34 , 37 ) دا
-(بە دیمەن و بۆن و دەنگ و چرپەو هەناسەو رۆحی سروشتەوە شیَوازی ئاویَتەییان گرتبوو)
-(لەوەوە بیرەوەری ژیانی بە گولْی ئاشکرا و نەبینی دەدیەوە )
-(بەو تارا خویَناویەوە تفەنگی کردە شانی و فیشەکدان و خەنجەر و دەمانچەی بەست)
-(ئەو بروایە بوو پیَشمەرگەی وا لیَ کرد کە رۆحیان بفریَت )
لە بەشی سیَ هەم (49 ,53 , 55 , 62 ) دا :
-(بەو ویَنانەوە ئاسمان ببوە دوکەلْ کیَشی ژان و هەناسەی خەفە و بەسەریدا پەخش دەبوەوە )
-( دوا نیگای لە گولْەکان گرتەوە ,هیَزیَکی نەبین خویَنی دەجۆشاند)

-( ئەوە بیرەوەریەکی سەخت بوو لە شارای تەمەنیدا خر دەبووەوە ..)
-( بەو دیمەنەوە بەرەو مزگەوت هەنگاوی هەڵهێناوە ..)
لە بەشی چوارەم دا :
-( بەو دیدەوە لەگەڵ رەش بونەوەی شاخ و کێوا ئێشکی گرت. ل 81)
-(لەسەر زاری جەنەراڵەوە دەڵێ : تاکەی بیر لەوە ناکەنەوە کە بە بێ میللەت هیچ هێزێکمان تیا نیە . ل 84)
لە بەشی پێنجەم دا :
-(بە ئازارێکی رۆحیەوە سەری بەرز کردەوە. ل 93)
یان لە بەشی شەشەم دا :
-(دەوڵەتی تورك بێ پەیمانە ـ نەك پەنای نەداین خیانەتیشی لێ کردین ـ ل 110)
هەروەها لە بەشی حەوتەم دا :
-(بە سەیری ئاسمانەوە هێڵنجی دەدا ـ ل 127 128 )
-(ئەم دەردە نەهامەتیە چی بوو ؟ ل 129)
لە بەشی هەشتەم دا چەندان نمونەی زۆر هەن گرنگترینیان :-
( فەزای ژورەکە بە ئەفسانەی زەمەن , ئاوێتەی شەپۆلی نەبین ببو ل 143)
-(بێ ئارامی گرتیەوەو بەسەر بورکانی ناخیدا حەژمەتی باراند ل 147)
ئەڵبەتە ئەمانەی سەرەوە چەند بەڵگەیەکی زۆر کەمن لەو کێشانەی کە رۆمانی ( ئاوێنەی بورکانی ژەنەراڵ) بەیانی کردون , بگرە دەتوانرێت هەموو کتێبەکە بەش بەش و رستە رستەو وشە بە وشەی وەك و کێشە تەماشا بکرێت و ببەسترێت بە یەکەوەو ناو بنرێن بە (تۆری کێشەکان ) ئەمەش لای یەکێکی وەکو (جولیا کریستیڤا ) وا دەکەوێتەوە کە پێی وایە (....) لە رۆمانەکاندا شتێ سەرهەڵدەدات کە زۆر تر هێڵکاریە : (پێکهاتەیەکی وەرگیراوی بان کەسێتیە (12 ) ).
وەك و چۆن لە بەشی ( 9 ) و کۆتایی کتێبەکەدا نوسەر لە لاپەرە 162 دا دەنوسێت :
-(دوژمن بێ بەزەیی دەمانفلیقێنێتەوە) (ـ) یان لە لاپەرە 166 دا دەنوسێت :( ئێمە نوێنەری گەلێکی بێکەس و چەوساوەین) - لە لاپەرە 185 دا دەنوسێت : (ئەو هاوارانە مێشکیان گرتبووەوە رۆژ بە رۆژ پەرەیان دەسەند ..)
هەروەها دەبێت ئەوەش بڵێین ئەو هاوارانە هاواری نەتەوەییەو پەیوەستە بە خەباتی رزگاری نیشتیمانی گەلێکی ستەم دیدەو سەرکوت کراو، ئەوەش بڵێین ( جولیا کریستیڤا ) لە کتێبی (معنی ولا معنی لتمرد ) دا جەختی لەوە کردۆتەوە کە تێورکردنی ئەدەب وەك و گەشتێك وایە لە ناو ئالۆزی و نادیارەکاندا ,...(12 )

(( سەرچاوەو پەراوێزەکان ))

1_ پێك هاتەو راڤەی دەق نوسینی (بابەك ئەحمەدی ) , وەرگێرانی (مەسعود بابایی ) لە بلاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی فیکری و ئەدەبی نما زنجیرە (56) چاپی یەکەم ,هەولێر (2005) کتێبی سێ هەم ل 135
2 _ هەمان سەرچاوە ل 137
3 _ هەمان سەرچاوە ل 139

4 _ پێکهاتەو راڤەی دەق , نوسینی (بابەك ئەحمەدی ) وەرگێرانی (مەسعود بابایی ) لە بلاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆلینەوەی فیکری و ئەدەبی نما زنجیرە (22 ) چاپی یەکەم هەولێر (2007 ) کتێبی چوارەم ل 20
5 _ هەمان سەرچاوەی پێشوو ل 19
6 _ هەمان سەرچاوەی پێشوو ل 19 ـ 20
7 _ هەمان سەرچاوەی پێشوو ل 54
8 _ هەمان سەرچاوەی پێشوو ل 55
9 _ هەمان سەرچاوەی پێشوو ل 7
10 _ النێ الروائی تالیف ؛ بیرنارفالیت ؛ ترجمە ؛ د. رشید ؛ منشورات Nathan, iv ,paris,1992

11_ نفسە المێدر ێ 6
12_ (مجلە المدی )عدد (16 ) السنە اپانیە (1997 ) مجموعە حیوارات مع (جولیا کریستیف ) ێ 40
13_ نفس المێدر.
تێبینی / جگەلەو سەرچاوانەی کە ئامازەیان بۆ کراوە رۆمانی (ئاوێنەی بورکانی ژەنەراڵ) لە نوسینی (( کاك سەلاح جلال ) سەرچاوەی سەرەکی و بنەرەتی ئەم نوسینەیە ....
لەرۆژنامەی خەبات ژمارە(3837)لە29:7:2011 بلاوبۆتەوە.
--------------------------------------

(2)

رۆمانی ئاوێنەی بورکانی ژەنەراڵ و بەکێشەکردنی نووسین
نوسینی: رێباز حەمە جەزا
خوێندنەوەیەکە بۆ رۆمانی (ئاوێنەی بورکانی ژەنەراڵ) نووسینی: مامۆستا (سەلاح جلال) و بەرهەمی ساڵی 2011 یەتی و لەسەر ئەرکی خۆی چاپ و بلاو کراوەتەوە
خوێندنەوەی رۆمان وەکو (کێشە)دەمانبات بۆ ئاستێکی تر و جۆرێکی تر لە کێشەکە (کێشە)ی نووسینەو پێویستی بە خوێندنەوەی فرە رەهەندانە و فرە لایەنانە هەیە، هەر وەکو (بارت)لە وەێفی (دەق)دا دەڵێت:
(دەق فەزایەکی فرە رەهەندە [1] ) رۆمان کۆمەڵێك رەهەندی جۆراوجۆری نووسین لە خۆ دەگرێت ، رۆمانی تازە کە دوورە لە هەر خوێندنەوەیەکی تەنگ و ئایدۆلۆژی (بارت ) وتەنی:
(دەق سەربەستە و ووزەیەکە دژی ئایدۆلۆژیایە. [2])
بۆیە لێرەدا (نووسین) دەکەینە کێشە لە رۆمانی (ئاوێنەی بورکانی ژەنەراڵ) دا. لەبەر ئەوەی ئەم دەقە وەکو رۆمان دەستمان دەگرێت و لە وەها کۆمەڵگە گەلێکدا دەمانپەرێنێتەوە و ناچارمان دەکات بەدوای زنجیرەیەك لەو روداوانەدا بچین، کە لەو کۆمەڵگەیانەدا روودەدەن [3].

لیَرەدا لەروویەکەوە مشتومالَی دەکەین، وەکو ئەوەی ئەم (نووسینە-بەرهەمە)خۆی وەکو (نووسین)، دەبیَتە هۆیەك بۆ خولقاندنی چیَژ و بەخشین و داهیَنانی خویَنەر، لەسەر خویَندنەوەی نووسینی رەسەن و راستەقینە ، چونکە (........) (رۆمان لەریَگەی ئافراندنی لۆژیکییەوە کە لەریَگەی چیرۆکەوە فراوان دەبیَت ،بەزۆری رەهەندیَکی ئەفسانەیی و چیرۆکی "چیرۆکی پیلۆتی" یاخود "ئیعتبار" ی میَژوویی لەپشت سەریانە ، زۆر چاك بە بارودۆخی ئەم جۆرە کۆمەلَگەیانە ئاشنامان دەکات ،....)4

هەرچۆن رۆمانی "ئاویَنەی بورکانی ژەنەرالَ " هەولَی بەیەکگەیشتنی چیَژ و مەعریفە و دۆخە ناوەکییەکانی مرۆڤ دەدات، لەهەمان کاتیشدا ئاویَنەیەکە بۆ بینینی مەعریفە و دۆخە ناوەکیەکانی مرۆڤ دەدات، لە هەمان کاتیشدا ئاویَنەیەکە بۆ بینینی پیَچەوانەکان وەکو (جانپۆل سارتەر) دەلَیَت : (هەموو تیۆرەیەکی مادی ، مرۆڤ دەکاتە هۆکار و مەبەستیَك5) .

بە هەمان شیَوە حالَەتە (باگنی-نیَوخواهی)ەکانن ئەم رۆمانە هەموو خەمە (فەلسەفی و ستاتیکی و هونەری و ئەدەبی .....تاد)لە خۆ دەگریَت و دەرەوەی خۆیشی دەناسیَنیَت، بەدەر لە هەر بانگەشە و درووشمیَکی ناهونەریانەی نووسین،چونکە سارتەر ووتەنی: (هەموو تیۆرەیەك وای دەنویَنیَت کە مرۆڤ دوورە لەحەقیقەت و هۆشیاری و پەیوەندی وەکو ئەوەی کە ئەو تیۆرە حەقیقەت و کە توارە6)

دەقی نووسەر ئەو سنوورانەی بەزاندووە کە دەقی ئاسایی و باو تەراتیَنی تیَدا دەکەن و پیَویستیان بە پانتایی ترە بۆ خویَندنەوەی تەواو پیَگەیشتو تیَگەیشتوانە، ئەلَبەتە ئەمەش درووست نابیَت بەبیَ زانیاری لەسەر مەعریفە و دەق و نووسینی نووسەر هەر بۆیە گەر بەراوردیَکی خیَرای ئەم نووسینە بکەین، بە نووسەریَکی وەکو "چارلز دیکنز"دەبینین (جیهانیَکی بەرین و فراوان چ لەرووی جوگرافی و شویَنەوارەوە و چ لەرووی کۆمەلاَیەتییەوە) دادەهیَنیَت جیهانیَك کە چین و دەستەی جیاوازی تیَدا دەژین ، چونکە "دیکنز" نایەویَت ئەخلاق و رەفتاری گروپیَکی تایبەت تاوتویَ بکات ، بەلَکو دەیەویَت ئەخلاق و رەفتار بەشیَوەیەکی گشتی و بەرفراوان بخاتە بەر لیَکۆلَینەوە 7.

من ئەمانە هاوتا ئەبینم نووسەر "کاك یَلاح جلال" بەلاَم بەتیَپەراندنەکەوە دیَت (لە ریَگەی یەکشیَوەکردنی رەگەزگەلیَکی وەکو :

(زمان،شیَوازی تایبەتی لەخستنە روو،ستراکچەرو ئەو سیستمەی کە هەمیشە فراوان دەبیَت و مەیلی خویَنەر بۆ بردنە پیَشەوەی چیرۆکەکە دەبات "8)

بەوەی کە هەرەمی نووسینی باو تیَکدەشکیَنیَ و بونیاتیَکی درامی نائاسایی و پڕ لە جادوو دروووست دەکات بەجۆریَك کەسی خویَنەر نەتوانیَت لیَی داببریَت و هەست بەتەواو بوونی رۆمانەکە نەکات و نەبچریَت تا کۆتایی –(لەبەر ئەوەی هەر رۆمان نووسیَك جیهانی تایبەتی خۆی دروووست دەکات، داب و نەریت و بەلَیَننامەی تایبەتیش بۆ ئەم جیهانە دەنووسیَت9)

ئەم جۆرە یەکیَتیە هەمان ئەو شتەیە کە ئیَمە بەووشە گەلیَکی وەکو (تەکنیك)و(.......) و (چیَوەی داستان) باسی لیَوە دەکەین ، یان بەووشە گەلیَك دەکەن لەسەر مەسەلەی هەلَسەنگاندنی پیَوەرەکانی چیرۆك (........10 )

لەبەرئەوەی رۆمان تۆماری گواستنەوەیە لە دۆخی بیَ خەوش"براءە"وە بەرەو دۆخی ئەزموون 11 "

جۆن هۆلیَرن "ی تیۆریَست ئەوە دەخاتە روو:

(کەرۆمان نووس لیَرەدا داهیَنەرو تیۆریَستە بە پلەی یەکەم ،وە لە پیَکهاتنی روئیای هەموویی یاخوود تیۆری رۆمان بەو سیفەتەی جۆریَکی ئەدەبی شکۆمەندە بە هەموو شتیَك وروژیَنەر و بایەخ پیَدانە . 12)
نووسینی رۆمان واتە درووستکردنی جیهانیَك بە زمان و پەیڤەکان ،رۆمان جیهانیَکە کە هەمیشە گەشە دەکات و فراوان دەبیَت ، بەگشتی رۆمان پیَکهاتووە لە رووداوی یەك لە دوای یەك (........) ئەم جۆرە پیَکهاتەیە لە جۆری پۆلیَنکردنی بەشەکان و هەلَبژاردنی رووداوەکان و زمانەوە بگرە تا ئاشناکردنی خویَنەر بە رەگەزەکانی چیرۆك هەروەها کاردانەوەکانی خویَنەر لە بەرامبەر چیرۆکدا پیَکدیَت . 13).
لەرۆمانی(ئاویَنەی بورکانی ژەنەرالَ)دا ئەوەی کە زۆر جیَی سەرنج و رامانە بەرای من ئەوەیە کە بەهەردوو پیَوەری "دۆگم – لاساییگەریَتی "و "عقیدەیی- دۆکترین"دەخویَندریَتەوە ،واتە بنەما باوەکانی نووسینی رۆمان وەکو"گەلالَە - کەسیَتی – دیالۆگ – رووداو – دراما – شویَن – بابەت – ئیقاع یا رەزم و تاد...." کە من بە پیَویستم نەزانی هیچی لەبارەوە بلَیَم و لە هەمانکاتیشدا ئەو سنوورەی تیَکشکاندووە و دەرفەتی تری رەخساندووە تا رۆچوونە ناو ئاستی تر و کیَشەی زۆر و زەوەندە لە رووی نووسینەوە خۆی دەکاتەوە و فراوان دەبیَت و ئەمەش خالَی بەهیَز و داهیَنەرانەی رۆمانەکەیە.
(دەبیَت نووسەر ناچارمان بکات تا یاساو زاراوە و کیَشەو گرفتەکانی ئەم جیهانە قبولَ بکەین ، ئاوات و داخوازیمان تیا درووست بکات و ریَساکانی بردنە پیَشەوەی چیرۆکەکەیمان پیَ قبولَ بکات ، چونکە هەموو ئەمانە سەرجەمی پیَکهاتەی رۆمانەکە پیَکدیَنن 14 )
بۆیە لیَرەوە جەدەل دەگۆرین بۆ ئەوەی کە ئەم رۆمانە خاوەنی (کیَشەی نووسینە)توانی لەرووی (فۆرم و زمان و تەقلیدی نووسین و تاد...) ئاستەکان تیَپەریَنیَت، راستتر بلَیَم وابکات داخوازیمان لە نووسین زیاد بکات لەرووی هونەری نووسینەوە . هەر وەکو چۆن (رۆلان بارت) لەکتیَبی (چیَژی دەق)دا دەنووسیَت :
(وا دیارە لە هەردوو فەرەنساییەك یەکیَکیان موتالاَ ناکات ، نیوەی فەرەنسا لە چیَژی دەق بیَ بەشە –خۆیان لیَی بیَبەش کردوو. 15 ).
ئەگەر ئەمە حالَی فەرەنسا بیَت خۆمان چۆن بخویَنینەوە؟!
چیَژی دەق بەشیَوەیەك کەشف دەکریَت ،کە بەرەو رووی چلَیَسی و مەترسییەکانی بەربەرەکانیَ نەکراوەکان دەکریَتەوە . 16).
ئەو کیَشانەی کە بەرەو رووی نووسەر و هۆشیارییەکەی دەبیَتەوە لە رۆماندا فرە دەنگییەکەیەتی (poly phonic nove)کە زۆر قولَ و ئالَۆزە (17)
ئەمەش خاسیەتی زۆر لە شاکارە جیهانییەکانە و نووسەری رۆمانی (ئاویَنەی بورکانی ژەنەرالَ)ی کاك (یَلاح جلال)یش لەم خاسیەتە بەدەر نییە .
مومکین نییە لە کاری ئەدەبیدا تیَگەیشتن درووست بیَت ، بەئیهمالکردنی کەینونەی ئەدەب و بوونەکەی (18)وەکو (د.عبدالملك مرتاچ) دەلَیَت:
(رۆمان سەرسورهیَنەراوییە، ئەو جیهانیَکی جوانە ، بە زمانەکەی ،بەکەسیَتی ،بە دلَنیایی،بە شویَن،بەرووداوەکان،هەلَتوتانەکان لە خەیالَە بەپیَزەکان و داهیَنەری جوانییەکەی19 (........) رەخنەگری ئینگلیزی (پرسی لابك Percy lubock -)لە (هونەری

چیرۆکنووسی)ەکەیدا دەڵێت: (هەر بەشێك لە ڕۆمانمان خوێندەوە ، ئەو بەشە لە زەینماندا دەتوێتەوە و گۆڕانکاری بەسەردا دێت. 20)

سەرچاوەکان:


1. قرره المعرفه (مقدمه عن بارت ،فوكو، اتوسير)،ترليف (مايكل باين)2001 ترجمه "دانا سردار" ێ16
2. هەمان سەرچاوە ێ16
3. ڕۆمان چییە ؟نووسینی (کۆمەڵێك نووسەر)وەرگێڕانی (جەواد مستەفا) پێدا چوونەوەی (هەژار ڕەحیمی)دەزگای توێژینەوەو بلاوکردنەوەی موکریانی، چاپی یەکەم 2008 چاپخانەی خانی دهۆك زنجیرەی کتێب 236 لا122
4. هەمان سەرچاوەی پێشوو لا122
5. الوجوديه مژهب انسانی منشورات دار مكتبه الحياه – بيروت ترليف جان بول سارتر قدم لە "د.كمال الحاج" ێ71
6. هەمان سەرچاوە ێ70
7. ڕۆمان چییە ؟نووسینی (کۆمەڵێك نووسەر)وەرگێڕانی (جەواد مستەفا) هەمان سەرچاوەی پێشوو لا 124
8. هەمان سەرچاوە لا 125
9. هەمان سەرچاوە لا124
10. هەمان سەرچاوە لا 125
11. نقريەالروايه (علاقه التعبير بالواقع)مورس شرودر،جون هولبرن ، جورج هنرى )الى ترجمه(د.محسن جاسم موسوى )منشورات مكتبه تحرير – بغداد ێ14
12. هەمان سەرچاوە ێ37
13. ڕۆمان چییە ؟نووسینی (کۆمەڵێك نووسەر)وەرگێڕانی (جەواد مستەفا) هەمان سەرچاوەی پێشوو لا126
14. هەمان سەرچاوە لا126
15. چێژی دەق .نووسینی (ڕۆلان بارت) وەرگێڕانی (ئیسماعیل زراعی)دەزگای وەرگێڕان چاپخانەی منارە هەولێر 2007 لا5
16. قرره المعرفه (مقدمه عن بارت ،فوكو،اتوسير) هەمان سەرچاوە لا16
17. المبتداء الحوارى (دراسه فى فكر ميخائيل باختين) ترليف (تزفيتان تودوروف) ترجمه-فخرى ێالح دار شۆون الپقافيه العامه الگبعه الرولى 1992 ێ27
18. هەمان سەرچاوە ێ53
19. فى النقريه الروايه (بحپ فى التقنيات السرد) ترليف (د.عبدالملك مرتچى) عالم المعرفه 240كانون الرول 1998 ێ7
20. . ڕۆمان چییە ؟نووسینی (کۆمەڵێك نووسەر)وەرگێڕانی (جەواد مستەفا) هەمان سەرچاوەی پێشوو لا 90

---------------------------------

(3)

**بەکێشە کردنی گێڕانەوە لە ڕۆمانی (ئاوێنەی بورکانی ژەنەڕاڵ) دا :**

نوسینی: ڕێبازمحمد جزا

خوێندنەوەی ڕۆمانی (ئاوێنەی بورکانی ژەنەڕاڵ) ، کە نوسینی (م.سەڵاح جلال)ە و بەرهەمی سالی (2011)یە و لەسەر ئەرکی خۆی چاپ و بڵاوی کردۆتەوە.

لە سەرەتاوە کە ڕۆمانی (ئاوێنەی بورکانی ژەنەڕاڵ) مان بەکێشە کرد ، بۆ ئەوە بوو گرنگی و نرخی نوسینی نوسەر و خوێندنەوەی خوێنەر بەدیار بخەین لە هەنووکەدا و لەم بەشەدا کە تەواوکەری هەمان بەشەکانی پیشووە (گێڕانەوە) بە کێشە دەکەین ، بە جۆرێك کە بتوانین سەربەخۆیی دەقەکە بپارێزین وەکو (بابەك ئەحمەدی) لەو بارەیەوە دەڵێت :

(خوێندنەوە لەهەمبەر سەربەخۆیی دەق وەفادارە).

و ئەدەبیاتیش بەگشتی فرە جۆر و شێوازە هەروەکو (ڕۆلان بارت) دەڵێت :

ئەدەبیات شتێك نیە جگە لە شێواز و شیوازی ئەدەبیاتیش بریتیە لە ئامانجی ئەدەبیات (1) .

ئەم ڕۆمانەش (ئاوێنەی بورکانی ژەنەڕاڵ) کە (کاك سەلاح جلال) نوسیویەتی وەکو شێوازێکی نوسینی ئەدەبی خودی ئامانجەکەیەو لێرەدا بە کێشەی دەکەین .

(مارسل پروست) دەڵێت :

(ژینی ڕاستەقینە ژیانیکە لە ئەنجامدا دوبارە دەیدۆزینەوە ، دیار و ئاشکرایە تەنیا فۆرمی ژیان کە لەڕاستیدا بە ئاکام ئەگات ئەدەبیاتە) (2) هەر لەبەر ئەوەیە کە لەو کاتەوە تا ئەمرۆ ڕۆمان ویستویەتی زۆرترین ڕادە ، بەهرە ، لە ئەفسون و ئەو ڕاکێشانە بونیادیە وەرگرێت کە گێڕانەوەی چیرۆکی هەیەتی (3) ،

جیهانی ڕۆمان > جیهانی مۆدێرن ، وەکو سیستمێکی بەهای عورفی و بریار گەلێك وەسف دەکرێت کە هەموویان سەخت و بەشت بوونە (4)

کەواتە ڕابردووی (گێڕانەوە)بەقەدەر ڕابردووی کاتە ، تەنانەت گێڕانەوەی نوسراویش مێژوویەکی زۆر درێژی هەیە . بەلام ڕۆمان شێوازێکی تایبەتە لە (گێڕانەوە) ، کە هەمان داهێنانی چیرۆکی درێژ و پەخشان ئامێزە بە پشت بەستن بە ریالیزم و بەرهەمی ئەزموون و خەیاڵە نوێیەکانی تاکە کەس (5).

ئەوانەی هاوڕان لەگەڵ مێژووگەرایی وادەڕوانن لە مێژووی ڕۆمان کە پەیوەستن و پەیوەندیان ئەندامیە . وە ئەو وێنەیەی کە لەڕۆماندا ، بۆ نمونە بالزاك هەیەتی، بەلام ڕۆمانی تازە وەلەگەڵیدا ڕەخنەی نوێ ، ئەو کارنامەیە ڕەتدەکاتەوە کە ئەو پەیوەست بوونە مێژووی بێت(6) .دەرچون لە بەرگی مێژوو ، یاخی بوون لە زەمەن ، لە کاتێکدا کەلەسلوکی زیاد ناکات لە نوسینی مێژوودا ، بەلام بە شێوەیەکی تر (7).

ڕۆمان لەم چاخەماندا ، ئەو پەخشان هونەریەیە بەمانا بەرزەکەی ، کە زمانی ڕۆمانی پەخشانی یە (8).

و رۆمـان جیهـانیکی توونـد و ئـاڵۆزه ، کۆتـایی ئـاوێتـه کردنـه ، چونـه نـاو شـێوازه ، کـه ڕەگەزی گێرانەوەی پەخشانی یە لەبەر ئەوەی منداڵی داستانە (9).
رۆلان بارت (R. barthes) ، لە هەندێك لە نوسینەکانی دا دەربارەی رۆمان دەڵێت :
(شایانی گونجاندنە لەگەڵ کۆمەڵگادا) (10) ،
رۆمان سەرکەشە، شۆرشێکی سەرکەشانەیە بەسەر لاسایی کردنەوەی رۆمـانی نـاسراودا،
یاخود رێساکانی رۆمانی لاسایگەری (11) .
میشال زیرافا (M. zeraffa) وای روانیوه که رۆمان سەرەتا لە ئاستی یەکەمدا دەربـرینـه لە ڕەگەزی گێرانەوەی پەخشانی، لە ئاستی دووەمدا حیکایەتیکی خەیاڵی یە (12) ،
بۆمان دەردەکەوێت یەکـێك لـەرەگـەزە گرنگـەکانی رۆمـان (گـێرانـەوەیـە) و ئـەویش لـه رێگەی (خـەیاڵ و تـەکنیکەوە) وە دەستـەبـەر دەبـێت لـە کـارێکـی نـوێ و شایـستەدا ، تـێ دەگەین بەبێ ئەوەی بە کێشە تەماشای بکەین هەڵەیەکی گەورەیە، بە خێرا و راگوزەر بەسەریدا تێ پەرین.
ئـەدەبـی گـێرانـەوه ئـەوەیـە کـە لـە روانگـەی (ئـەفلاتـون)ەوە رەگـەزێکـی تـێکـەڵ و لـە روانگەی (ئەرستۆ)شەوە رەگەزێکی دابراو و تەواوە(13). دەتوانین بەوەی کەئەفلاتون (لە کۆمـاردا) بـۆی جـێهێـشتووین ، ئـەو جیاکاریـە بکـەیـن لـە نـێوان (گـێرەوەی پوخـت و لاساییگەردا) یان لە نێوان خەیاڵگەو وێنە گرتندا (14).
به گووتـەی (ژان پـۆڵ سارتـەر) لـە کتـێبـی بابـەتـی خـەیاڵیدا جیهانی خـەیـاڵی ئـێمـه ، جیهـانیکی نـاراستـەقینـەیـە و هـەر وێنـەیـەکـی خـەیـاڵی هـەبـوونی بـەسراوەتـەوە بـه خەیاڵکەرەوەکەوە (15)
گێرانـەوە گـەلـێك مانای هەیە وەکو (سعید یقگین) لـە وتـارێکیدا لـە ژێر نـاوی (نظریات السرد و موچعها)دا بـاس لـەوە دەکـات زاراوەکـان لـە هـەر پسپۆریـەکدابن ، جۆرێکن لـه بەدەست هێنانی دەلالـەتی تایبـەت بەو پسپۆریە خۆی کـەسایـەتیـەکـە دیاری دەکـات، وە بە بیروراى فۆرمالیەکانی رووی ئەم تیۆریە ، بانگەشەی لەدایك بونی زانستێکی نوێی دەکـرد بـە مانـای(ئـەدەبیـەتـی ئـەدەب) کـە لـەکـارەکـانی(فلادیمیربـرۆپ)دا دەربـارەی گـەیـشتنـە (الـسردیات – گـێرانـەوەکـان) وەکـو (تـۆدۆرۆف) خـستیـە روو ، بـەکـارهێـنانی زاراوەی ئـەدەبـی لـە شـەستـەکانی سـەدەی بیستـەمـدا لـە ئـەوروپا بـەگشتی و فـەرەنـسا بەتایبەتی، بەفرە سیمات و جیاوازیانەوە بەکارهـات وەکو هـەمـان شـێوەی سـەدەی (19) کە زانستە مرۆڤایەتیەکانی وەکو (کۆمەڵناس و زیندەوەرناس و دەروونناس و...) لە زانسته گشتیەکان جیابونەوە تاکو لە چاخە دواکەوتوەکاندا دوبارە بوەوە .
پـەیـوەنـدی زاراوەی ئـەدەبـی بـە مـەوداکانیـەوە لـە رەوانبـێژی و زانستـەکـانی تـرەوە بـه تایبـەتی (شیعر و دراما) کاریگەری بەهێزی ئەزمـوونی (هونـەری شیعر)ی ئـەرستۆی پیوه دیارە.
گـێرانـەوە پاشکۆ و شوێنکـەوتـەی شتـێکـی دیـاری کـراو نیـە، بـەڵکـو پـەیـوەستـە بـه سەرهەڵدانی رۆمان لە دواییەکانی سەدەی (18) و پاشتر راو بۆچونە جۆراوجۆرەکـان کـه بڵاو بونەوە وە هـەریـەکـە لـە زاراوەکـانی گێرانـەوە لـە شـێوەی بـەکـارهێـنانی مانـادا جیـاوازی فـرەیـان هـەیـەو گونجاویشە تـوێژەرەکـە هـەر یـەکـەمیـان یـان هـەموویـان بـەکاربـێنـێت وە داهـێنان پـەیوەستـە بـە مـەعریفـەی گـێرانـەوەوە و مامـەڵـەکردنـی بـه جوانترین و وردترینەوە بۆ وێنا کردن (16).

(جیراد پرێس) لە کتێبی زاراوەی گێڕانەوەدا بەم شێوەیە پێناسەی دەکات (گوتنێکە یان هەواڵێك) وەك بەرهەمێنەری کردەیەك یان ئامانجێك کارو بونیاد و کردەی بونیادی بۆ یەکێك یان زیاتر لە رووداوێك یان ئەندێشەیەك (چیرۆك)، لەلایەن یەکێك یان زیاترەوە (17).
یان گێڕانەوە بە تێکچڕژانی دەنگە هەمەجۆرەکان و زیاتر لە هۆشیاریەك و بیروڕایەك سەبارەت بە جیهان دەناسرێتەوە (18). هەربۆیە کێشەکانی ناو رۆمانی(ئاوێنەی بورکانی ژەنەراڵ) دابەشکەمە سەر چەند ئاستێك و لەگرنگترینی ئەو کێشانە لەرووی (گێڕانەوەوە)؛
1/کێشەی گێڕانەوە لەسەر ئاستی رەهەندی مێژوویی:
مێژوو کەرەسەیەکی گرنگ و پڕ بایەخی ئەم رۆمانەیە و زۆربەی رەهەندەکانی تریش لێرەوە سەرچاوە دەگرن، بەجۆرێك بێ تێگەیشتن لەم (رەهەندە) رەهەندەکانی تریش ئاڵۆز دەبن و درککردنیان زەحمەتیەکی زۆری دەوێت، ئەمە جگە لەوەی کە ئەم رۆمانە هەندێك جیاکاری گرنگی تیایە کە بەتەواوی دایدەبرێت لە (مێژوو)، من لێرەدا تەنها رەهەندی مێژوویی دەخوێنمەوە بۆ ئەمەش راو بۆچونی (تێۆری) چەند بیریاریکم لەوبارەیەوە وەکو نمونە وەرگرتووە لەوانە:
* بۆچونی (فرانس بیکۆن) دەربارەی مێژوو گرنگی و بایەخی خۆی هەیە چونکە بەرای ئەم بیریارە( مێژوو ) لە دوو بەش پێکدێت:
آ/ مێژووی سروشتی و ئەویش پێکدێت لە:
-وەسفکردنی دیاردە ئاسمانی و زەمینیەکان.
- وەسفکردنی بارە دەگمەنەکان، کەرەنگدانەوەی ئەو هێزە شاراوانەی دوای بارە بەرچاوەکان ئاشکرا بکات.
- وەسفکردنی پیشەسازیەکان، چونکە ئەوانە ئامرازەکانی مرۆڤن بۆ گۆڕینی سیماکانی سروشت.
ب/مێژووی شارستانیەتی، پوختەی مێژووی شارستانیەتی کەبیکۆن بانگەشەی بریتیە لە تۆمارکردنی کار و کاردانەوەی نێوان مرۆڤ و سروشت، کە بیکۆن بۆ سێ جۆر دابەشی دەکات ئەویش:
-مێژووی ئاینی
-مێژووی داهێنەری(بەرهەمداری)
-مێژووی ژیان و چالاکی کەسەکان (19).
بە پێی بۆچونەکانی بیکۆن رۆمانی (ئاوێنەی بورکانی ژەنەراڵ) رەهەندی مێژوویەکەی رەهەندی (مێژووی شارستانیەتی)یەو بەم پێیەش ئەرکی کرۆکی مێژوو بریتیە لەیادخستنەوەو تۆمارکردنی رابردوو بە شێوەیەك کە وێنەی روداوەکان بەراستی و واقعی وەربگیرێت (20)،
تائێرە وەکو مێژوو یان وەرگرتنی مێژوو وەکو کەرەستە هیچ گومانیکی تیانیە و پێم وابیت ئەم رۆمانە لەورووەوە سەرکەوتنی گەورە و باشی بەدەستهێناوە بەوەی کە زۆر لەسەرچاوە مێژووییەکانی بۆ نوسینی ئەم رۆمانە بەکارهێناوە بەلام لەوێدا گرفتەکە (رۆمان) بێت و رۆڵی تۆمارکردن و نوسینەوەی مێژوو ببینێت یاخود بیەوێ رۆڵێکی وابینێت! ئەمە ئەو باسەیە کەمن زۆر لام گرنگە بیخەمە روو بەوەی کە ئەم رۆمانە (ئاوێنەی بورکانی ژەنەراڵ) دێت و (مێژوو) دەکاتە کەرەستە واتە هەنگاوی یەکەم

خامی خۆی لەو کەرەستەیە وەردەگرێت و بەکێشەی دەکات لەرێی (هونەری نووسینەوە) ، واتە ئەم رۆمانە نەبۆتە تۆمارێکی مێژوویی یان (رۆمانیکی مێژوویی) و بەهۆی فەنتازیاوە کە دەستی بالای گرتووە بەسەر مێژوودا لەیەکتر جیادەبنەوە و وێنە زەخرەفیەکان و خەیاڵ شوێنی بێژە مێژوویی یەکان دەگرنەوە .
بەلام بەرای(دیکارت) لەبەر ئەوەی ئەو روداوانەی کە مێژوو نووس دەیگێرێتەوە بەو شێوەیە روی نەداوە کە لێی دوواوە چونکە مێژوونووس وەك گەشتیارێك وایە دوور لەولاتەکەی خۆی دەژی و نامۆیە بەسەردەمەکەی (21).
وە لێرەدا مێژوو بەو پێیەی وێنەیەکی چنراوی (الخیال)یە (22).
کەواتە خودی مێژووش بەیەکێك لەماناکان دەکەوێتە ژێر گومانەوە و لەو خانەیەدا دادەنرێت و (رۆمان)نووسیش جارێکی تر کاری لەسەر دەکات و دایدەرێژێتەوە و روداوەکان پۆلێندەکات و(خەیاڵ و تەکنیکی هونەری نوسین)ی خۆی بەکاردێنیت بە ئایدیاکانی خۆی بارگاویان داکات بەتایبەتی لە رۆمانی (ئاوێنەی بورکانی ژەنەراڵ) ، کە من نوسەر هاوشێوەی بیری (دیکارت) دەبینم لە مەسەلەی گومان و دوودڵیەکانی بۆ مێژوو کە پیویستە تەئویلی زیاتری بۆ بکرێت ، لەوەدا جارێکی تر مێژوو دەخاتەوە بەر نەشتەری ئایدیاو خەیال و گێرانەوەکانیەوە وەکو چۆن زۆر لە رەخنەگرەکانی (شکسپیر) ئەوەیان دەرخست ، کە رووداوی زۆر لە شانۆ نامەکانی بە کێشەکردنی گێرانەوە لە (......)
ئەگەر مرۆڤ بیەوێت شتێك دەربارەی سروشت بزانێت ئەوادەبێت هەڵوێستێکی ئەزموونی بگرینە بەر کە تێیدا (ئەزموون)و (تێبینیکردن)بەکاربهێنێت،(..)وەك ئەوەی لەرۆمانی (ئاوێنەی بورکانی ژەنەراڵ)دا دەیبینین ودەیخوێنینەوە کەئەزموون بەجۆرێکەهەردەڵێی لەناوجەرگەی رووداوەکاندا دەژین.(23)بەم شێوەیە مێژوو بەپلەیەکی بالاَ گۆرپانی بەدیهێنانی مرۆڤە .ئەوەش لەبەرئەو راستیەی کەبێگومان(کردار)دەتوانێت یارمەتیمان بدات لە باشکردنی زانینەکانماندا.(24)
(بیکۆن)دەیگووت:"یادەوەری بەسەر مێژوودا زاڵدەبێت"(25)بێگومان وتەیەکی بەنرخە ،گەرتەئویلی بکەین لەرۆمانی (ئاوێنەی بورکانی ژەنەراڵ)دا ،لەوەی دا کەرەهەندی مێژوویی ویادەوەریی خۆیمان لەبۆتەی رۆمانێکی هونەری داپیشان بدات و لەهەمان کاتیشدا وێنەیەکی راستەقینەی هەنووکە بخاتە بەر چاو کە خوێندتوە بۆرووداوەکانی مێژو وبکات وبەگیروگرفت یان بکات و هەروەکو لەیەکێك لەدیلۆگەکانی ژەنەراڵدادەڵێت:
-مان یان نەمان ئەوە پەیمانی هەموومانەو هەرگیزنابێت بیر لەرووخان بکەینەوە (26).
-ئێوە ئەوانەن کەلەرۆحی میللەتدا هەن ...ئێوە بەهێزترن لە فسفۆرو کیمیایی ...(27 )
ئەمانەو چەندان نمونەی ترلەرۆمانەکەدان کەگێرانەوەی مێژوو لەرۆماندا کێشەیەو پێویستیشە وەکو کێشە بخوێندرێتەوە وحسای بۆبکرێت و نووسەر دەیەوێت پێمان بڵێ (مێژوو)کێشەیەو بە(گێرانەوە)ی ئەوکێشەیە ئەرکی خوێنەر دەست پێدەکات کە دەبێت بیخوێنێتەوە.
2/کێشەی گێرانەوە لەسەر ئاستی (وێنەو خەیاڵ):
لێرەدالەئاستە دەدوێین کەنووسەری رۆمانی (ئاوێنەی بورکانی ژەنەراڵ)،"کاك سەلاح جلال"بەکێشەی کردوون ،پەیامی نووسەر لێرەدا تێپەراندنی مێژوو و نزیکبوونەوەیە لە وێنەی زەخرەفی و فەنتازیاو شێوەکاریەوە .گەشەوپێگەیشتنی درێژخایەنی ئازادی

مرۆڤ ،بەدۆزینەوەی یاساکانی جیهانی دەرەوە تواناکانی کاریگەریی ئەویاسایانە ،بۆگەیشتن بەئامانجە مرۆڤایەتیەکان پەیوەستە (28)چونکە "ڕووکەش"ی ژیان ،دەبێتە گۆڕانکاری لەناوەوەی (دەروون)ی مرۆڤەکان .کاتێك مرۆڤ ئەگاتەئەوەی کەئەتوانن بەهاوکاری هاوشێوەکانیان ،چەند کارێك لەجیهانی دەرەوە ئەنجام بدەن ،دەبێتە هۆی شێوەیەکی تر لەنزیکبوونەوەو خۆناساندنیان (29)کاتێك شکسپیر دەنووسێت :"ئەوکاتەی دەروونم ،هەروەك (چکاوك ) لەکاتی هەڵاتنی تیشکی خۆرو ڕووناکبوونەوەی گەردوون لەقولایی خاکی تاریك ،لەبەر دەروازەی بەهەشت ئەوەستێت وئاواز دەخوێنێت "،مەبەستی ئەوەنیە ،کە قۆناغەکانی ژیانی (چکاوك)فێربێت .بەڵکو ئەیەوێت بەهۆی یادەوە رییەکان و ئەو هەستانەی کە وشەکان دەجوڵێنێت ،حاڵێتیکی تایبەتی لەژیانی دەروونی ،لە خوێنەردا دروست بکات (30).
ئەگەر بەوردی ڕۆمانی (ئاوێنەی بورکانی ژەنەراڵ) بخوێنینەوە چەندان ڕستەوپەرەگرافی تێدایە کەنیشانەی ئەوەن نوسەر بەتەکنیکی گێڕانەوە چۆن دەسەڵاتی(وێنەو خەیاڵ) دەسەپێنێت بەسەرمێژوو کەتواردا هەر وەکو لە یەکێك لە وێنە هونە ریەکاندا دەڵێت:
"پەلکە زێڕینەی بیرەوەریی لەنیگایەوە دەکشاو تەلیسمەتەمی تاریك وەك ئاوێنە لەفەزای ئاسۆییا سەدەهاوێنەی لەڕوانینیدا ئاوێتەکرد...(31)یان لە نمونەیەکی تردا دەڵێت :"لەفۆتۆی سروشتەوە مۆمیای زەمەنی ئاوێتەی دەبوو..بەودیمەنانەوە شێی ڕابردووی لەسەر گرمۆڵە دەبۆوە ...ڕوانینی ببوە زەخرەفەو لەهەر پزیسکێکەوە کارەساتێکی دەدیەوە ..سەدان وێنە تێکەڵاودەبوون .وەك ئاوێنەی ترسناك دەیخستەوە ناوبێشکەی بوونەوە..(32).
لێرەوە دەگەمە ئەو بڕوایەی کە(خەیاڵ ووێنە )دوانەیەکی تێکهەڵکێشن و لێك جیانە کراوەن لەگەڵ (کێشە)دا ئاوێزانن وبەخوێندنەوەی هەرپەرەگرافێکی ئەم ڕۆمانە ڕوون دەبێتەوە (گێڕانەوە ) لەڕێی (خەیاڵ ووێنە ) وە چەند دەوڵەمەندە گەنجینە یەکی بە بەهایە .

3/بەکێشەکردنی ئاستەکانی (زەمەن وشوێن)/

لەم ڕەهەندەی(کێشەی گێڕانەوە )دا ،گەمەیەکی زۆر خێراو هونەریانە دەبیندرێت کە لەڕووی ڕیتم وتیمپۆی نووسینەوە ،شتێکی سەرسوڕهێنەر ە،گێڕانەوە لەسەرئەم ئاستەی دا هێندە تەلیسماویە هەست بەگۆڕینی(زەمەن و شوێن)ناکرێت لە (شاخ ،وڵاتانی ڕۆژئاواو شوێنەکانی تر..)،هەرلەبەرئەوەش بوو نەم توانی "دوانەی زەمەن وشوێن "لە یەکتری جیابکەمەوە بەوەی کەزۆر دەرگیر وتێکەڵن .
لەکاتی خوێندنەوەی ئەم ڕۆمانەدا هەست دەکەیت جادووت لێکراوە ،لەپڕشت ڕوودەدەن لەشوێنێك بۆشوێنێکی ترو لەزەمەنێك بۆزەمەنێکی تر ڕووداو گەلێك ڕوودەدەن و زنجیرەکان پێش دەخەن ،ئەم ڕۆمانە شوێن گۆڕکێ و زەمەنی زۆری تێدایە کەئاسان نیە هەموویان دەست نیشان بکەم. بەڵام دەتوانم ئاماژە بەهەندێکیان بکەم لەبەرئەوەی وادەردەکەوێت دووانەی(زەمەن وشوێن)زادەی ئیقا ع وبیرکردنەوەو خەیاڵ ووێناندنەکانی سروشتی کوردخۆیەتی ،بۆیەناویشم ناون بەکێشەچونکە لەڕاستیدا تاوەکو ئەمرۆ کەش (کێشەی شوێن وزەمەن )لەزاکیرەی هەرتاکێکدا بەشێوازی جۆراوجۆر ماون و پەیوەندی تەنگاتەنگیان هەیەو مەحاڵە بەبێ هیچ هۆیەك ولەخۆوە دروست بووبن،بەڵکو کێشەی ڕیشەیی و ووجودی ئێمە ن لەم نیشتمانەداو لە زەمەنە

جیاوازەکانداو لەلای نووسەریش بەیەکێك لەجۆرەکان ئامادەیی هەیەو لەتابلۆیەکی هونەری دا خۆی نمایش کردووە..چونکە لە (هونەرداجوڵەیەکی ناجوڵەیە)(33)وجوانترین رەگەزلەوکارانەداهەمیشە زیندوویەتیانە وپەیوەستە بە هونەری شێوەکاریەوە (34)"لوسینق"دەڵێت:"رۆمان هونەری زەمەنە ،نمونەیەکە وەکو مۆسیقا "(35"وەهەروەوها د.عبدالملك مرتاچ دەڵێت:"زەمەن،شەبەحێکی وەهمی ترسێنەرە ..(36)

لەرۆمانی ئاوێنەی بورکانی ژەنەراڵ دا ،زەمەن زۆر خێرا دەروات ناتوانین لێی غافڵ بین ،رووداو لەدوای رووداو دێت و (شوێن وزەمەن )دەگۆرێت ...کەبەزمانی د.عبدالملك مرتاچ (تۆری گێرانەوە )دروستدەکات لەهەمان کاتدا ئاراستەکانی (زەمەن وشوێن )یش دیاریدەکات .

هەربۆیە ئەم رۆمانە توانیویەتی لەم ئاستەشدا کێشەی قوڵو فەلسەفی نمایش بکات وخۆی بە کێشە بکات وبایەخ وگرنگی خۆیمان بۆدەربخات ......

4/بەکێشەکردنی (کارەکتەر)/

لەم ئاستەدا ئەوەی لای من کەزۆر شایانی سەرنج و لێوورد بوونەوەبوو ،ئەوەبوو کەلەم رۆمانەدا (ئاوێنەی بوورکانی ژەنەراڵ)دا،کەسایەتی زۆرو زەبەندوجۆراوجۆروفرەبووکەهیچ کام لەم کارەکتەرانە لەیەکتر نەدەچوون و خاوەنی دەنگی جیاوازی خۆیان بوون کەئەمەش بەلای منەوە یەکێك بوولەو بەڵگانەی لەسەربوونی (کێشە)ی گێرانەوە لەلای کارەکتەر بەپێچەوانەی هەموو ئەو رۆمان نووسانەی کەکەسایەتیەکانی بەیە کزمان قسە دەکەن خۆئەگەر نووسەرەکەشی شاعیر بێت ئەواهەمووکارەکتەرەکان (وەکو شاعیر) قسەدەکەن ....

بەلاَم ئەوەی مایەی سەرسورمانەو بەپێویستی نازانم هیچی لەبارەوە بلێم ئەوەیە کە کەسایەتیەکان خۆیان لە یەکتری جیادەکەنەوە وەکو:

*کارەکتەری ژەنەراڵ/

(...)-دەبێت پێشمەرگە فێری سەرکەوتن بێت ...زۆزك لەئەستۆتاندایە دەبێت بیگرتەوە ..(37)

*کارەکتەری رۆژنامەنووس/

_چۆن ئەوسەرکەوتنەتان لەکێوە رەش بەدەست هێنا ؟

-بارزانی لە شە ترەنجدا لە جیهان دە باتەوە ؟(38)

*کارەکتەری پێشمەرگە/

-پێشمەرگەیەك /

_سەرۆك قومبەلەیەکم فرێدایە ناوجێبەکەیان وسیانم لێکوشتن و بون بە قەرەبروت.

_سەدان پێشمەرگە/

_سەرۆك رێگەمانبدە دەچین لوتکەکە دەگرینەوە (39)

*کارەکتەری ژنێکی لادێی /

-سەرۆك کورکەم گیراوە من بە شیری خۆم پەروەردەم کردووە و شاری نەدیوە ..(40).

ئەمانەی سەرەوە برێکی زۆر کەمن لەوچەندەها دیالۆگانەی کەکەسایەتیە زۆر وناودارو سیاسی و پێشمەرگەو رۆژنامەنووس و ژن و.....رۆڵیان لە گێرانەوەو بەکێشەکردنی ئەم رۆمانەداهەیە وهەرخۆشیان بەڵگەن لەسەرئەوەی ئایا لە سەر ئاستی کارەکتەر رۆمانی(ئاوێنەی بورکانی ژەنەراڵ)کەنووسەرەکەی "کاك سەلاح جلال"ە خاوەنی کێشەی گێرانەوەیە یان نا؟!!!

لیستی سەرچاوەو پەراوێزەکان


1)پێکهاتەو راڤەی دەق – کتێبی دووهەم –نووسینی (بابەك ئەحمەدی) ،وەرگێرانی (مەسعوود بابایی)،لەبلاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵنەوەی فیکریی وئەدەبی نما زنجیرە (56)چاپی یەکەم هەولێر 2005 ل 124

2)هەمان سەرچاوە –کتێبی یەکەم ل 23

3)رۆمان چییە؟نووسینی (کۆمەڵێك نووسەر)،وەرگێرانی (جەواد مستەفا)،پێداچوونەوەی (هەژارڕەحیمی )،دەزگای توێژینەوەو بلاوکردنەوەی موکریانی –زنجیرەی کتێب (226)چاپی یەکەم 2008ل 75

4)نڤیسیار "1"،کۆمەڵێك بابەتی تیۆری –رۆمان وجیهانی مۆدێرن –نووسینی ئاندرۆفین بێرگ،دەزگای چاپ وبلاوکردنەوەی ئاراس –زنجیرەی رۆشنبیریی چاپی یەکەم هەولێر 2004ل 123

5)رۆمان چییە ؟هەمان سەرچاوەی پێشووتر73

6)فی النظریە الروایە-بحث فی تقنیات السرد-تالیف د.عبدالملك مرتاچ –عالم المعریفە 240کانون الاول 1998ێ16

7) هەمان سەرچاوەێ27

8) هەمان سەرچاوەێ27

9) هەمان سەرچاوەێ27

10) هەمان سەرچاوەێ37

11) هەمان سەرچاوەێ66

12) هەمان سەرچاوەێ15

13) النێ الروائی (تقنیات ومناهج)تالیف بیرنار فالیگ،ترجمە د.رشید بنحدو منشورات Nathan Paris 1992

14) هەمان سەرچاوەێ38

15)پێکهاتەو راڤەی دەق –کتێبی یەکەم -هەمان سەرچاوەی پێشووترل33

16)دەتوانن بگەرێنەوە بۆ ووتارەکەی سعید یقگین-(فی المێگلح السردی العربی )کە لە ئەنتەرنێت دا بلاو بۆتەوە .

17)گۆڤاری ئایندە ژمارە 47ی ساڵی 2003(گێرانەوەو ئاماژە نادیارەکانی بە رلە رەوینەوەی تەمی سەر خەرەند)نووسینی ئاوا ت محەمەد ،ل47"لە پەراوێزەوە"

18) هەمان سەرچاوەل26

19)ڤیکۆو فەلسەفەی مێژوو(لێکۆڵینەوەیەکی شیکاریی –رەخنەییە نووسینی (کامەران محەمەد)سلێمانی 2006ل54

20) هەمان سەرچاوەل55

21)هەمان سەرچاوەل70

22) هەمان سەرچاوەل70

23) هەمان سەرچاوەل97

24) هەمان سەرچاوەل97

25) هەمان سەرچاوەل119

26)رۆمانی ئاوێنەی بورکانی ژەنەراڵ نووسینی ێلاح جلال ،سلیَمانی چاپی یەکەم 2011ل 15
27) هەمان سەرچاوەل 17
28)دەربرینی ئەندیَشە لەمیوزیکدا نوسینی سیدنی فنکلیشتاین وەرگیَرانی ستارکریم پیاچوونەوەی ع.ج.سەگرمە ،دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم –چاپی یەکەم –سلیَمانی 2005ل 11-12
29) هەمان سەرچاوەل 12
30) هەمان سەرچاوەل 10
31)رۆمانی ئاویَنەی بورکانی ژەنەراڵ هەمان سەرچاوەی پیَشووترل 49
32) هەمان سەرچاوەل 159
33)ویَنەکیَشان چییە؟-کۆمەڵە وتار-نووسینی ستارقادر ،لەبلاَوکراوەکانی بزاڤی رۆشنبیریی سلیَمانی زنجیرەی ژمارە"16"چاپی یەکەم 2006ل 131
34) هەمان سەرچاوەل 131-132
35)فی نقریە الروایە هەمان سەرچاوەی پیَشووتر ێ199
36) هەمان سەرچاوەێ199
37) رۆمانی ئاویَنەی بورکانی ژەنەراڵ هەمان سەرچاوەی پیَشووترل 17
38) رۆمانی ئاویَنەی بورکانی ژەنەراڵ هەمان سەرچاوەی پیَشووترل 18-19
39) رۆمانی ئاویَنەی بورکانی ژەنەراڵ هەمان سەرچاوەی پیَشووترل 21
40) رۆمانی ئاویَنەی بورکانی ژەنەراڵ هەمان سەرچاوەی پیَشووترل 101

بەدو ژمارەی رۆژنامەی خەبات ژمارە(3849 )لە12/ئابی 2011 و ژمارە(3855 )لە2011/8/19 بلاَوبۆتەوە

-----------------------------------------------

4

رۆمانی ئاویَنەی بورکانی ژەنەراڵ و بەکیَشەکردنی ستاتیکا

:

کاری نووسین بەگشتی وهونەروئەدەب بەتایبەتی بەیەکیَك لەماناکان کارکردنە لەسەرگریمانەو فەلسەفەی جوانی ورۆمانی"ئاویَنەی بورکانی ژەنەراڵ"یش کاریَکە بەیەکیَك لەجۆرەکان پەخشکەرەوەی گومانە بەسەرکەرەستەو بابەتە جیاوازەکاندا وەکو"دیکارت" لەکتیَبی "پرنسیپەکانی فەلسەفە"دا جە خت لەسەرئەوەدەکاتەوە کەئیَمە بۆئەوەی راستی بپشکنین ،دەبیَت گومان لەهەموو ئەوشتانەبکەین کەرووبەروومان دەبنەوە ."1"کەمن واتیَدەگەم ئەم رۆمانە بەم ئەرکە هەستاوەو هەرلەبەرئەوەشە دەتوانین وەکو( کیَشە)یەکی فەلسەفی خویَندنەوە بۆ(جوانی) بکەین لەم رۆمانەدا "بەڵیَ کارکردن لەسەر هەرگریمانیَك واتاکارکردن لەسەرفەلسەفە و هزر.."2" ئەمەش وەکو لەسەرەتای کیَشەکانەوە لیَی دووابن بەروونی گومانی نووسەر لەسەر هەر رووداوو پیَش هاتوو گریمانەیەك دەردەخات ..وەکو "هایدگیَر"دەلیَت :"مرۆڤ لەوشویَنەدا دەدویَ کەبەزمان وەلاَم دەداتەوە "3"بنەمای بنیاتی فەلسەفە ئەمەیە :"هەرچەشنە نیَواخندۆزیەکی پەتی و رەسەن ،رەگاژۆی رەواوپەسندکراوی زانیاریە"4"ئەمەش" لەهەمان ئەوشویَنەوەیە کە ریَگەی خەیاڵسازی بەهای مەدەنیەتی داهیَنانەی خۆی

ئەسەلمێنێت""5"لەبەرئەوەپێویستە لەرۆماندا بەدوای دۆزینەوەکاندا بگەرێین ولەوانەش لەرووی ستاتیکی وبەها فەلسەفی و فیکری ومە عریفیەکاندا وەکو "هرمان بروگ "ڕای وایە :"ئەورۆمانەی کە هیچ نادۆزێتەوە ،لەدیدی ئەودا رۆمانێکی بێ ئەخلاقانەیە""6"..."رۆمان" دەشێت شێوەیەك بێت لەشێوەکانی یاخی بوونی جوانی (...)"7"ئەگەرزمانی ئیکۆ بەکاربهێنین دەڵێین رۆمان بۆخۆی چێژلەوناوانانە بێ سنورەوەردەگرێ رۆمان تە عبیر لە جیهانێکی هەلاهەلا دەکات "8""لۆکاچ"پێی وایە کە رۆمان تەعبیر کردنە لە ڕوتبوونەوە یەکی ترانستدنتاڵیانە،هەندێ لە ڕخنە گران لەبارەی "دیستۆڤسکی"یەوە ،ئەوەدەخەنە ڕوو کە دیستۆڤسکی هەمیشە رۆحی خۆی بەنەخۆش زانیوە ،دەشێ هەمان شتیش لەبارەی هونەری رۆمانەوە بگوترێ.."9"بەم پێیەش رۆمانی "ئاوێنەی بورکانی ژەنەراڵ"کە نووسەرەکەی"کاك ێلاح جلال"ە،دەچیچتەئەم خانەیەوە کەچارەسەرکردنیان تەنهاوتەنها لەرێی نووسینەوە دەبێت و شێوەیەکیشە لە خۆهاوشێوەکردن بەو ئازارو نە خۆشیە ."سوکرات" وتەنی :"..."مەعریفەی چێتی مەعریفەی حەقیقیە "..."10"وە لەم روانگەیەشەوە "نمونەیئایدیا" "یاخود وێنە"حەقیقەتی هەمەکی هەبووە بەکردار وبونیان دەرەکی یە ...."11"هەروەها "ئەرستۆ"ش ڕای وایە "..."مەعریفەی حەقیقی ئەومەعریفەیەیە کە پەیوەستە بە "مرتبە"ی یەقینەوە "12"وەئەو مەبدەئی مەعریفەو ژینالۆژیاکەی لای "ئەرستۆ "(هەستە ڕاستەوخۆکان)بەشتێك لە ئێستەداو لە م دۆخەدا کە وەسفی دەکات بەبەشەکی "13".لەم تێگەیشتنەوە بەپێی هەردوو بۆچوونەکە ی"ئەفلاتوون وئەرستۆ"رۆمانی "ئاوێنەی بورکانی ژەنەراڵ"خاوەنی "وێنەو ئایدیا "ی خۆیەتی و پێویستی زۆریشی بەهەستی ڕاستەوخۆ هەیە لەکاتی خوێندنەوەدا کەوادەکات بەتەواوەتینیشتەجێ ببین لەناو ڕووداوو کردارەکاندا .چونکە "بەرهەمی هونەری دەمانباتە ناخی خۆیەوە ،ئێمە ئاگامان لەناخی خۆمان نامێنێت""14"لێگەرێن با جیاوازی بێ هەواڵ لەجیاتی پارادۆکس دانرێ "15"چونکە پارادۆکس هیچ چێژێك بەرهەم ناهێنێت "16"ئەمە ئەوەبوو کە رۆلان بارت لەچێژی دەق دا دەیگووت .دێریدا "ش لەمبارەیەوە"دەیگووت:"بەردەوام هەوڵمدا تافەلسەفە بێنمە مەیدانەوە .مەیدانێك کەلەودا فەرمانڕواییەك نەبێت "17 "کەبەڕای من ئەمە لەئەدەبدا زۆر گونجاوتر دێتەدی و لەهەمان کاتیشدا رۆمانی"ئاوێنەی بورکانی ژەنەراڵ "بەنمونەیەکی دروستی ئەم تێگەیشتنە دەزانم هەرچۆن "لیۆتاریش دەیگووت:"رۆڵی ئێمە وەکو هزرڤان ئەوەیە کەزانیاری خۆمان لەوشتەی کەلەزماندا گوزەردەکات قوڵتر بکەینەوە ،بیرۆکەی بێ گیانی زانیاریەکان ڕەخنە بکەین ،ئاڵۆزی لەبەر چاو نەهاتوو لەجەرگەی زماندا ئاشکرابکەین "18"بەڵگەشم لەسەر ئەمە ئەو بێژەیەی "ناتالی ساروت"ە کەدەڵێت :"ڕووی شاعیرانەی بەرهەمێك دەرخەری توخمی نەبینراویەتی "..کە واتێدەگەم بەتەئویل بەدیاردەخرێت.ئەوڕووداوانەی کەرۆمانی "ئاوێنەی بورکانی ژەنەراڵ"دەیانگێرێتەوە زۆربەی ئەو مێژووەن کە مرۆڤانی کورد لەنیوەی یەکەم ودووەمی سەدەی بیستەم دا تیای ژیاون و نزیك ودوور ئاشنان پێی کەچی تاکوئێستا شاکارێکی ئەدەبی و جوانمان لەو مێژووەنەدی!!!گەر هەشبێت تائەو شوێنەی کەمن ئاگا\دارم لە حیکایەتێکی بێ لەزەتو بێ تام تێپەریان نەکردووە شکلۆفسکی ووتەنی" ئێمە هەموورۆژێك سەیری یەکتری دەکەین ،بەبێ ئەوەی ئەوی دیکە ببینین ""19"واتایەکی کۆن ئێمە دەگەیەنێنە فۆرمێکی تازەو هەر ئەم بزاوتە ،هەموبەرهەم دەگۆرێت "20""بارت "یش لەتێزی کورتی "سۆلێری نووسەردا"دەنووسێ "ژین دەق ئاسایە""21"ئالێرەدا من جەربەزەیی نووسەر هەست پێدەکەم لەوەدا کەنووسەر سەرکێشی گێڕانەوەی ئەو مێژووە ی کردووە لەفۆرمێکی هونەری و زیندوودا ،کەمانا دەخاتەوە ناو ڕووداوەکان ومێژوو ..لەیۆنانی کۆندا جوانییەکان دەنگی خواوەند بوون (22)(لۆنجینیۆس)نووسەری کۆنی گریکی لەوکتێبەی بەناونیشانی "لەبارەی جوایەکان-عن الرائع"دا دەنووسێ :"جوانیەکان سۆزێکن بۆخواوەند ،خواوەند بەرەو پاکیمان دەبات ،بەرەو ناخ ،بەرەو حەقیقەتە خواوەند ئامێزەکان (23)هەروەکو چۆن رای ئەرستۆو ئەفلاتوونیشمان لەوبارەیەوە زانی ...وەهەروەها لایەنگری "ئەستاتیکای موتڵەق" مەعنای

دابران لەهەلومەرجە مێژوویی و کۆمەلأیەتیەکان نیە ،چونکە ئەو هەلومە رجانە ئەم چێژە ستاتیکیە دیاری دەکەن (24)قارەمانانی رۆمانەکانی "فلۆبێر"بایەخی خۆیان ،بایەخی وەسایقی خۆیان لە جیهانبینی بابەتگەریانە ی فلۆبیرەوە وەرگرتووە.بابەتگەری فلۆبیر کردویەتیە کاریَ هەرکەسێك بیەویَ بەشێوەیەکی بەشێوەیەکی زانستیانە لەدیاردە سایکۆلۆژیە کۆمەلأیەتیەکان بکۆلێتەوە ناچارە پەنایان بەرێتی .مەوزوعیەت وبابەتگەری بەهێزترینی لایەنی ریَباز ی فلۆبیر بوو (25)هەرلەبەر ئەوە من رام وایە ئەمە خالێکی تری هاوبەشە لەگەلٌ نووسەری رۆمانی (ئاوێنەی بورکانی ژەنەرالٌ)"کاك سەلاح جلال"(...)لەساڵی 1750وە کە بۆمگارتن جوانیناسی دامەزراند،(...)(26)لەورۆژەوەکێشەی ستاتیکاکێشەیەکی هاوبەشی نووسەرە مەزنەکانە ودەبێت وەکو کێشەلەبارەیەوە بدوێین ،بۆئەم مەبەستە ش ئەگەر گەشتێکی خێرا بەناو بیروراو مقۆمقۆکانی ناوبیریاراندا بکەین دەبینین راوبۆچوونەکان سەرجەمیان بەم جۆرە چردەبنەوە بۆنمونە: بەباوەری بۆمگارتن (1714-1762)بابەتی مە عریفەی لۆژیکی حەقیقەتەو بابەتی جوانیناسی یا(مەعریفەی هەستی )جوانییە .جوانی تەواو یا رەها ئەوەیە کە بەهاوکاری هەست دەناسرێتەوە .حەقیقەتی کاملٌ یارەها ،ئەوەیە کە بە عەقلٌ دەناسرێتەوە ،چاکەی تەواو یارەهائەوەیە کەلەرێگای ئیرادەی ئەخلاقیەوە بەدەست دێت(27)کردەی مرۆیی دەقێکی ئەگەراویە (28)ئەوئەگەرانەش لەجیهانی (جوانی)دا کۆمەڵێك دەروازەی گرنگ دەکەنەوە بە گوتەی (هۆم) (1696-1782) جوانی ئەوەیە کە دلٌپەسند بێت، لەم رووە وەتەنیا بەهۆی زەوقەوە دیاری دەکریَ (29) وە بەباوری (بێرك) (1720_1797) (کتێبی لیَکۆلینەوە لەسەرچاوە ی وێناکردنەکان لەبارەی بالأ- وجوانە(...) ،لەبنەرەتیاندا،خاوەنی هەستی پاراستنی دەروون وهەستی کۆمەلأیەتین(30) بەباوری فیختە (1761_1814) ئاگایی لەسەر شتی جوان ،لەم شتانەوە سەرچاوە دەگرێت : دنیا،واتە سروشت. ئەمەش دوولایەنی هەیە ،ئەم دوو لایەنە ئاکامی دوو کارن ، یەکیان بەرتەسکی ئێمەو ئەویتریشیان چالاکی ئازادو بەربلأوی وێناکردنەکانمان .بەمانای یەکەم جیهان بەرتەسکەو بەمانای دووەمیش جیهان ئازادو بەربلأوە(31) بەباوەری شافتس بری (1670-1713)ئەوەی جوانە ،هاوسەنگ وگونجاوو حەقیقیە و ئەوەیش کە لەیەك کاتدا هەم جوان وهەم حەقیقیە ،دلٌپەسەند وچاکە .جوانی بەباوەری شافتس بری تەنهابەهۆی رۆحەوە دەناسرێت (32)ئەمەش خودی کێشەکەیە ئایارۆح کێشەیەکی زەمینیە؟!یان بەمانایەکی تر ئەم ئالۆزیە لەکوێوە دێت؟یا ن سەرزەمین بەبیَ رۆح دیناو"مکاشفە"ناکریَت؟یان شتێکی مومکینە رووبدات؟

هەروەها جوانیناسی (کانت)ئەوەیە کە:مرۆڤ بەباوەری کانت ،مەعریفەی سەبارەت بە سروشتی دەرەوەی خۆی وهەروەها بەبوونی خۆی لەسروشتداهەیە.مرۆڤ لەسروشتی دەرەوەی خۆیدا ،بەدوای حەقیقەتدا دەگەرێت ولەخۆشیدا بەدوای (چاکی)دا .قۆناغی یەکەم کاری ئاوەزی (عەقلٌ)موجەرەدەو قۆناغی دووەم کاری ئاوەزی کردەییە کە بە(ئازادی ئیرادەش)ناسێنراوە.سەرەرای ئەم دووەوسیلەیە مەعریفە،وەسیلەیەکی تریش کەبەتوانای داوەری کردن ناسراوە ،هەیە کەراستیەکان بەبیَ لەبەرچاوگرتنی ماناکەیان ،پێکدێنیَ و چێژیش ئارەزوو حەز بۆئێمە بەرهەڤ دەکات (33).شیللەر (1759-1805)وای بۆ دەچوو (ئامانجی هونەر )وەکوئەوەی کە (کانت)پەسەندی کردووە ،جوانییەوجوانیش چێژە ،بەبیَئەوەی هیچ جۆرە سوودو پێشکەوتنێکی کردەیی تێدابێت (34)وە فریدریك (شلیگڵ)یش (1779-1829)پێی وابوو کە (جوانی نەك تەنیا لەهونەردا دەدۆزرێتەوە بەلٌکولە سروشت وخۆشەویستیشدا خۆی دەنوێنێ. بەم هۆیەوە ،بەگوتەی (شلینگ)(1775-1854)(جوان بریتیە لە دەرکەوتنی بیَکۆتایی لە کۆتاییدا )(35)بەلأم ئەوەی جێی رامان و لەسەر وەستانە بیروورای (هیگل)ە (1770-1831)کە بەم جۆرە دەدوێت : (خواخۆی بەدووشێوە دەردەخا : یەکێکیان بەشێوەی دەرهەست (زەینی ) وئەوەی تریشیان بەشێوەی بەرهەست (عنیی) .بەدەربرینێکی تر، خوالەسروشت و رۆحدا خۆی دەنوێنێ . (36) واتە کاری (هونەرمەندان و نووسەرانە) کەگەران دەست پێبکەن تا خوا دەدۆزنەوەو گەیشتن بەخوا دەستراگەشبینەبە(سروشت ورۆح) کە

بەباوری(هیگڵ)،حەقیقەت وجوانی ،یەك شتن .تەنیا جیاوازیەك کەهەیە ئەوەیە حەقیقەت تاجیَگایەك هەیەولەخودی خۆیدا شیاوی تیَر ِامانە .بۆخودی (ئایدیایە/ ویَناکردنە).بەلاَم ئایدیا کاتیَك کەلەدەرەوە دەردەکەویَت ،نەك تەنیا دەبیَتە حەقیقی بۆشعوری مرۆڤ ،بەڵکو جوانیش دەبیَت .بەمجۆرە جوان دەرکەوتنی ئایدیایە (37).زانستەکانی رۆح بابەتی رۆح بابەتی نییە بەتەنیا بەڵکو دوانە (رۆحی دراسەو رۆحی دراسەکراو)....(38)هەروەکوچۆن (کرۆچە)ش باوەری وابوو :(جوانی بریتییە لە درکاندن یان پەی بردن یان دیدە گایەکی رۆشن بوونەوە یان سرۆش (39)بەم گریمانەیە جوانی یەکیَکە لە چالاکیە گیانیەکان ....لەکۆتاییدا ئەم چالاکیە بەدی نایەت ،ئەگەر بزویَنەریَکی دەرەکی نەبیَتە هۆکار .بەم پییەش رۆمانی (ئاویَنەی بورکانی ژەنەراڵ)،کەلەلایەن (کاك سەلاح جلال)ەوە نووسراوە دەبیَتە دەقیَکی کراوەو فرە دەنگ و رەهەند و دەتوانریَت ،چەندان خویَندنەوەو تویَژینەوە ی لەسەر بکریَت و لیَکدانەوەو راڤەو تەئویلی بۆبکریَت ،ئەوەی من لەم زنجیرە ووتارەدا لەبارەیەوە دووام تەنها خویَندنەوەیەکی پانۆرامایی بوو کە شیاوی لەوەزیاترەو پیَویستە هەڵوەستەی لەسەر بکریَت ....بۆیەمن بەباشی دەزانم لیَرەدا و لەم بۆنە یەدا کۆتایی پیَدەهیَنم بە ئومیَدم لەکاتیَکی تردا بگەریَمەوە سەر کۆمەڵە ..... باسیَکی گرنگی تر کە ئە و شاکارە ئەدەبیە لە خۆی گرتووە

لیستی سەرچاوەو پەراویَزەکان


هیگڵ ـفەلسەفەو مۆدیَرنیزم ـریَبین رەسوڵ ئیسماعیل ،ریَبین بۆ چاپ و پەخشی کتیَب (1
(2)چاپی یەکەم 2003ل 75
هەمان سەرچاوە ل 74(2
پیَکهاتەو راڤەی دەق – کتیَبی (چوارەم) ـنووسینی (بابەك ئەحمەدی) ،وەرگیَرانی (3
(مەسعوود بابایی)،لەبلاَوکراوەکانی سەنتەری لیَکۆڵنەوەی فیکریی وئەدەبی نما زنجیرە (
)چاپی یەکەم هەولیَر 2005 ل54
هەمان سەرچاوە ل55 (4
دەربرینی ئەندیَشە لە میوزیکدا نووسینی (سیدنی (5
فینکلشتاین)،وەرگیَرانی(ستارکریم)پیاچوونەوەی (ع.ج.سەگرمە)،دە زگای چاپ وپەخشی سەردەم ـچاپی یەکەم ـسلیَمانی 2005 ل53
نووسین خۆکوژیەکی تەواونەکراو"کۆمەڵیَك وتارو گفتوگۆی ئەدەبی "عبولموتەڵیب (6
عەبدوڵلاعەڵیب هەڵیبژاردووەو وەریگیَراوەتە سەر کوردی ل80
هەمان سەرچاوە ل79 (7
هەمان سەرچاوە ل79 (8
هەمان سەرچاوە ل79 (9
من الفلسفه الیونانیه الی الفلسفه الاسلامیه ،تالیف عبدالرحمن مرحبا ،مکتبه الفکر الجامعی –(10
منشورات عویدات ـلبنان ـبیروت گبعه الاولی 1970 ێ126
هەمان سەرچاوەێ 126-127(11
هەمان سەرچاوە ێ 161 (12
هەمان سەرچاوەێ162 (
پیَکهاتەوهیَرمنیوتیك نوسینی بابەك ئەحمەدی وەرگیَرانی ئیسماعیل زارعی ،دەزگای (14
وەرگیَران ،چاپی یەکەم ـهەولیَر 2007ل33
چیَژی دەق (رۆلان بارت )،وەرگیَرانی ئیسماعیل زارعی ،دەزگای وەرگیَران ، چاپی (15
یەکەم هەولیَر 2007ل36
هەمان سەرچاوە ل36 (16

17) پێکهاتەو راڤەی دەق – کتێبی ( سێ هەم ) –نووسینی (بابەك ئەحمەدی) ،وەرگێرانی (مەسعوود بابایی)،لەبلاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵنەوەی فیکریی وئەدەبی نما زنجیرە ( )چاپی یەکەم هەولێر 2005 ل179

18) هەمان سەرچاوە- کتێبی یەکەم -ل 83

19) هەمان سەرچاوە-کتێبی دووەم ل212

20) هەمان سەرچاوە-ل94

21) نووسین خۆکوژیەکی تەواونەکراو هەمان سەرچاوەی پێشووتر ل79

22) نووسین خۆکوژیەکی تەواونەکراو هەمان سەرچاوەی پێشووتر ل78

23) هونەروژیانی کۆمەلآیەتی (پلیخانۆف)وەرگێرانی (حەمەکەریم عارف) ،دەزگای چاپ وبلاوکردنەوەی موکریانی زنجیرەی کتێب (12)(115)چاپی یەکەم هەولێر 2005-ل37

24) هەمان سەرچاوە ل41

25) هونەر چییە؟(لیۆ تۆلستۆی ) وەرگێرانی هەژار رەحیمی ،دەزگای توێژینەوەو بلاوکردنەوەی موکریانی زنجیرەی کتێب (386)چاپی یەکەم 2009ل29

26) هەمان سەرچاوە34

27) المبدا الحواری"دراسە فی فکر میخائیل باختین " (نزفیتان تودوروف ) ،ترجمە فخری یالح دار الشؤن الپقافیە العامە ،افاق عربیە الگبعە الاولی 1992ێ31

28) هونەر چییە؟هەمان سەرچاوەی پێشووترل36

29) هەمان سەرچاوە ل36

30) هەمان سەرچاوە ل39

31) هەمان سەرچاوە ل36

32) هەمان سەرچاوە ل36

33) هەمان سەرچاوە ل38

34) هەمان سەرچاوە ل38

35) هەمان سەرچاوە ل39

36) هەمان سەرچاوە ل40

37) هەمان سەرچاوە ل41

38) هەمان سەرچاوە ل41

39) المبدا الحواری هەمان سەرچاوەی پێشووترێ37

40) چەمکەکانی جوانناسی(بندیتۆ کرۆشە)وەرگێرانی (سەربەست خە سرەو عارف)،دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ،چاپی یەکەم –سلیمانی ل17

لەرۆژنامەی خەبات ژمارە (3861) هەینی26/ئاب2011 دا بلاوبۆتەوە.